# گێڕانەوەگەری و جیری لەئەدەبی بەراورددا

پ.د. ظاهر لطیف کریم/ م. نیان نوشیروان فؤاد/ زانکۆی سلێمانی – کۆلیژی زمان

خۆ ئەگەر گێڕانەوەی شیعر (Narrative Verse) بریتی بێت لەو شیعرانەی کەبەشێوەی گێڕانەوە خۆی لەداستانو شیعری کێشدارو بالاد–ەوە (Ballad) ببینێتەوە (١)، یان وەك گریماس بۆی چووە، بریتی بێت لەسستمێکی بیرکاری (٢)و کۆمەڵێ وشەی یەك لەدوای یەکی گۆکراوو بەکارهێنراوی پشت بەستوو، ئەویش بۆ پێکهێنانی رستەی بەکارهاتووی بیستراو بۆ بەدیهێنانی پرۆژەیەك (٣)، یان وەك تودروف بۆی چووە، بریتی بێت لەبازنەیەك کە لەجێگەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جێگەیەکیتر لەدۆخێکی تردا، یان بازنەیەك کەوەسفی دۆخی هاوسەنگێتیو ناسەنگێتی دەکات (٤)، یان لای ئێمەش، گێڕانەوەگەری (Narratism) بریتی بێت لەسەرەتاو کۆتاییو دوای کۆتایی کەپەردەکرێتەوە بەکۆمەڵێ وێنەی بینراوو نەبینراو ئەزموونو رێبازو فەلسەفە...هتد، ئەمانەش لەرێگەی هێزێك یان چەند هێزێکەوە بەڕێوەدەچێتو فشار (Stress) دەخەنە سەر هەریەکێك لەبنەماکانی گێڕانەوەگەری، بەکزبوونو نەمانی بابەتو رووداوەکان هێزەکان لای نووسەرو شاعیر هەروەك خۆیان دەمێننەوەو بەردەوامی یەکیش دروست دەکەن لەقورسەوە بۆ قورسترینو قورستر دەڕوات، ئەوا تێکڕای ئەم بۆچوونانە یەکدەگرنەوە لەگەڵ کارو پێناسەکانی جیریدا (Elasticity) کەبریتییە لەسستمێکی هێزدار لەسەر شێوەیەك کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری ئەو شێوەیە لەئاراستەکردنی ئەو هێزانە، یان گۆڕانی شێوەی تەنێك رێگەیەك لەرێگەکان ئەویش بەهۆی توانای فشارەوە (Stress) (٥). هەموو جیری–یەکیش رادەیەکی دیاریکراوی هەیە (Limit of Elasticity) بەڵام بەهۆی کاریگەری هێزی فشارەوە جاری وا هەیە کەرادەی جیری–یەکە لەسنووره سروشتییەکەی خۆی دەترازێتو دواتر بەلابردنی هێزەکانیش تەنەکە ناگەڕێتەوە دۆخە ئاساییەکەی خۆی (٦).

بەم پێیە، هەموو کارێکی ئەدەبیی شیعر بێت یان چیرۆك بەسەرەتایەك دەست پێدەکاتو بەپێی بابەتو رووداوو هێزو هەستەکانەوە لەخاڵێکدا کۆتایی پێ دێت، هەتا هێزەکان، رووداوەکان، بابەتەکان بەپێی فەزای زەمەنی بەرەو لاوازییو هەرەس بچێت ئەوا بابەتەکان، بۆ جارێکیتر، دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی پێش دەستپێکردنو سەرەتا، بەمانایەکیتر، ئەم جۆرە کارانە بەتێربوونی فەزای زەمەنیی لەبابەتو رووداوەکان رۆڵیان نامێنێو بەپێی یاسای لۆجیکی دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی پێش سەرەتاو دەستپێکردن، وەك ئەوەی هیچ ئامادەبوونێکی بۆ فەزای زەمەنی تازە نەبێت کەبەمەیان دەوترێت بابەتی پێش سەرەتاو سەرەتاو کۆتایی کەهەردوو کەسایەتی جەماوەرو شاعیر

بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام هەندێ جار بەردەوامی و هێزی لەڕادەبەدەر لەڕووداوو بابەتەکان وادەخوازێ کەشاعیر خۆی جودا بکاتەوە لەجەماوەرو بەتێڕوانینێکی قووڵی فەلسەفی بڕوانێتە ئەو بابەتو ڕووداوانە بەمەشیان دەوترێت بابەتی دوای کۆتایی.

ئەم کارانە کتومت لەتیۆرەکەی جیری دەچێت لەکاتێکدا بەهۆی هێزەکانەوە شێوەکان دەگۆڕێن و لەدۆخێکی دیاریکراودا دەوەستیت، بەڵام بەنەمان و ونبوونی هێزەکان شێوەکان دەچێتەوە دۆخی جارانیان، هەندێ جار بەهۆی قورسایی لەڕادەبەدەری هێزەکان، ئەگەر هێزەکانیش نەمان یان ونبوون، ئەوا دواشێوە ناگەڕێتەوە بۆ شێوە یاساییەکەی خۆی.

بەپێی تیۆرەکەی گریماس، گێڕانەوەگەری پشتی بەسیستمی ستوونی بەستووە، هەروەك ئەم وێنەیە:




**وێنەی تیۆری جیری-یش بەم شێوەیەیە:**




لەڕێگەی دوای رادەی جیری-یەوە توانیومانە دوای کۆتایش بۆ گێڕانەوەگەری دەستنیشان بکەین هەروەك ئەم وێنەیە:



لەلایەکی ترەوە، گێڕانەوەگەری دەتوانێت پشت بەسستەمی ئاسۆیش ببەستێت هەر وەك ئەم وێنەیە:

کۆتایی



سەرەتا — دواى کۆتایی = ژیان

سەرەتا — کۆتایی — دواى کۆتایی= مردن

جیاوازی سستەمی ستوونی لەسستەمی ئاسۆیی لەوەدایە کەهێز لەسستەمی ستوونی یەکسان نییە لەگەڵ کۆتایی و دواى کۆتایی، ئەویش بەهۆی بەردەوامی بابەتەکەو دابەشبوونی هێز بەسەر پێش سەرەتاو سەرەتاو کۆتایی و دواى کۆتایی بەرێژەیەکی سەدیی دیاریکراو وەك ئەم وێنەیە :

پێش سەرەتا : سفر

سەرەتا : ٢٥٪

کۆتایی : ٠٪

دوایکۆتایی ٥٠٪

بەڵام لەسستەمی ئاسۆییدا هێزی سەرەتا یەکسانە بەهێزی دواى کۆتایی و هێزی کۆتایش هێزی زیاترە لەهەردووکییان ئەمیش بەهۆی قووڵی هەستەکانە وەك ئەم وێنەیە :

سەرەتا — دواى کۆتایی



٪٢٥ ٪٢٥

کۆتایی ٪٥٠

بەتێکەڵکردنی هەردوو وێنەکە (ستوونیو ئاسۆیی) ئەم وێنەیە دروست دەبێت :




دوای کۆتایی

مەبەستیشمان لەدەستنیشانکردنی پێش سەرەتاو کۆتاییو دوای کۆتایی لەوەدایە کەهەر دەقێك دوو کەسایەتیو بۆچوون لەخۆدەگرێت، یەکەمیان جەماوەر، دووهەمیان شاعیر، خۆئەگەر کارەکە بەپێی سستمی ستوونی ئەنجام بدەین ئەوا کارەکە لای جەماوەر لەکۆتاییدا تەواو دەبێتو خاڵی سفر بەدەست دێنێ ئەویش بەپێی تێپەڕبوونی فەزای زەمەنی، بەڵام لای شاعیر کارەکە لە (دوای کۆتایی) تەواودەبێت ئەویش بەهۆی تواناو هێزی شاعیرو هێزە نەبینراوەکانی دەقەکە کەبەپێی گریمانە دوو ئەوەندەی هێزی سەرەتاییە ئەگەر سستمەکە ستوونی بێت، بەڵام ئەگەر سستمەکە ئاسۆیی بێت ئەوا قورسایی هێزی کۆتایی دوو ئەوەندەی هێزی سەرەتا یان دوای کۆتاییە، شیعری رەسەن، بەپێی سستمی ستوونی، لەدوای کۆتایی لەدایك دەبێت وەبەپێی سستمی ئاسۆیی لەکۆتاییدا لەدایك دەبێت هەروەك لەم وێنەو هاوکێشانەدا بەدیدەکرێت:

| | ستوونی | ئاسۆیی |
|---|---|---|
| پێش سەرەتا | سفر | - |
| سەرەتا | ٪٢٥ | ٪٢٥ |
| کۆتایی | سفر | ٪٥٠ |
| دوای کۆتایی | ٪٥٠ | ٪٢٥ |

-سەرەتای ستوونی= سەرەتای ئاسۆیی= دوای کۆتایی ئاسۆیی.

-کۆتایی ستوونی= سفر= پێش سەرەتا.

-کۆتایی ئاسۆیی= دوای کۆتایی ستوونی=٪٥٠.

-کۆتایی ئاسۆیی+ دوای کۆتایی ستوونی=٪١٠٠.

## پراکتیک:

بۆ پراکتیزمەکردنی ئەم بۆچوونو سستمانە دوو بابەتی سەرەکی شیعریمان (مردنو ژیان) لەسێ جۆر ئەدەبی جیاوازدا (ئەدەبی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی) هەڵبژاردووە بەوپێیەی بۆچوونو هێزی دەقو شیعرو داهێنان لەو سێ فەزا جیاوازەدا نزیك بخەینەوە.

## مردن:

ئەگەر، مردن، لای تێکڕای خەڵکی بریتی بێت لەشیوەنو گریانو یادگارییەکان لەفەزایەکی دیاریکراوی داخراودا، واتە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی یان لەجیری-یەوە بۆ رادەی جیری، کەماوە یاساییەکەی هەر ئەوەندە بڕەکاتو بڕەکاتەوەو هەڵدەگرێت. بەمانایەکیتر هێزی ئێشەکانی مردن لای تێکڕای خەڵکی هاوسەنگن لەگەڵ پانتایی بایۆلۆجییان، ئەوا لای شاعیرەکان پێوەری مردن فەزایەکی دیاریکراوی نییەو لەڕادەو سنووری خەڵکە ئاساییەکە تێپەڕەکات ئەویش بەهۆی زاڵبوونی هێزی ئێشەکانە بەسەر پانتایی توانای بایۆلۆجی شاعیرەوە.

واتە هێزی ئێشەکانی مردن لەگەڵ پانتایی توانای بایۆلۆجی شاعیر هاوسەنگ نین کەلێرەدا شاعیر دەتوانێت خۆی جودا بکاتەوە لەتێکڕای خەڵکیو تەنانەت لەشاعیرێکی تر.

بۆ باسکردن لەم بۆچوونانە سێ نموونەی شیعری جیاوازمان هەڵبژاردووە:

١-لەسەرەمەرگی هیوادا (گۆران) (٧).

٢-Oh, Snatched away in Beanty’s Bloom (Byron) (٨).

٣-الزهرة السوداء (نازك الملائكة) (٩).

لێرەدا پێویستە بوترێت کەئەم سێ جۆرە نموونە شیعرییە بۆ هەردوو سستمی ستوونیو ئاسۆیی دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی هێزی هەر سستمێکە لەو سستمانەو هەڵگرتنی دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر شیعرەکان.

-لەسەرەمەرگی هیوادا:

## بە پێی سستمی ستوونی

ئەم شیعرە دوو ئاستو بۆچوونی جیاواز لەخۆدەگرێت:

یەکەمیان: تێڕوانینێکی سادەی شاعیرو مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکەدا وەك کەسێکی ئاسایی وەك دەڵێت:

ڕۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم

ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم

تادەگاتە:

توخوا بەو جووتە چاوە شینانە

ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە

ئەم وێنانە گشتینو لای تێکڕای خەڵکی بەرچاوو بەدیدەکرێتو جیاوازییەکی ئەوتۆی دروست نەکردووە لەنێوان تێکڕای خەڵکیو شاعیردا، وەك ئەوەی بەسەرەتایەك (نارەحەتی یەك) دەستیان کردووە بەبابەتەکەو لەڕادەیەکی دیاریکراودا، بەهۆی دامرکاندنەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانو هەستەکانیانەوە، وەستاون. لێرەدا کۆمەڵێ هۆکاری سایکۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو فیکری هەن کەهەستەکانو هەڵچوونە دەروونییەکان، بەپێی فەزای زەمەنی، دادەمرکێننەوەو دەچێتەوە، بۆ جارێکیتر، بۆ خاڵی سفر.

دووهەمیان: تێڕوانینێکی قووڵی فەلسەفییانەی شاعیرو بەردەوامی هەڵچوونە دەروونییەکانیو مانەوەی ئێشو ئازارەکانی مردن لەسەری، لێرەدا شاعیر بەتەواوی جودا دەبێتەوە لەشاعیرێکی سادەو بۆچوونو هەڵچوونو هەستەکانی تێکڕای خەڵکییەوە، هۆکارە سایکۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو فیکرییەکان، بەپێی فەزای زەمەنی، کاریگەر نابن بەسەر شاعیرەوە، هەر لەبەر ئەمەشە لەسنوورو رادە کۆتاییە سادەکە، (جیڕی)یەکە لادەداتو بەرەو فەزایەکی درێژترو قووڵتر دەڕوات، هەتا بڕوات ئێشو ئازارو برینەکانی شاعیر لەزیادبووندایەو زاڵە بەسەر پانتایی توانای شاعیرو هەستە ناسکەکەیو بارە سایکۆلۆجییەکەیەوە، بۆیە گۆران تا دواساتی ژیانی لەگەڵ ڕووداوەکەدایە لەکاتێکدا دەڵێت:

بابە کلۆڵی بەڕۆڵە ڕۆیی

کەدانیشتم کز وەختی بێ تۆیی

تادەگاتە:

تادەممان لەگۆ ئەکەوێ وەك تۆ

هیوای دایە ڕۆ هیوای بابە ڕۆ

## بە پێی سستمی ئاسۆیی

شیعرەکە لەپێنج وێنە پێکهاتووە:

وێنەی یەکەم: ڕاوەستانی شاعیر بەرامبەر ڕۆڵە تاقانەکەی کەهیوای ژیانی بووە، لەکاتێکدا ئەم ڕۆڵە تاقانەیە لەحاڵەتی گیان لەدەستداندایەو ئێشێکی قووڵی لەسەر دەروونی شاعیر

دروستکردووه، شاعیر بەرلەوەی بچێتە نێو مۆتیڤی گیان لەدەستدانەکەوە، وەك هونەرمەندێکی فۆتۆگراف لە نزیکەوە مامەڵە لەگەڵ (هیوا)دا دەکاتو بەکۆمەڵێ وەسفو پیاهەڵدان دەستپێدەکات کەهەموویان بەدەوری فۆرمی هیوادا دەسوڕێتەوەو جۆرە جوانییەکیان لەسەر هەستی شاعیر دروستکردووە:

رۆڵەی تاقانەم هیوای ژیانم
ئەستێرە گەشەی بەری بەیانم
رۆژی نەورۆزی پرشنگ زێرینم
تریفەی سپی مانگی هاوینم
شنەی شەماڵی کەلی بەهارم
لەرەی ئاونگی مێرگی ئاودارم
جریوەو جووکەی شادیی هێلانەم
شەوبۆی پەخشانی ئەم گشت هەردانەم

وێنەی دووهەم: لێرەوە، شاعیر ئەو باوەڕەی لادروست دەبێت کەگیان لەدەستدانەکە نزیك بۆتەوە، بۆیە دەبینین جۆری ئێشو وێنەکە کاریگەرتر دەبێت لەکاتێکدا لەگەڵ کوڕەدا بەرەو دیواری مردن رۆدەچێت بەو مەبەستەی کەبەخاکی بسپێرێ، بەڵام پێش سپاردنی بە قووڵایی گۆڕ بەم وێنەیە بۆمان دەدوێت :

توخوا بەو جووتە چاوە شینانە
ئاخر نیگاتە تێر بۆم بڕوانە

وێنەی سێیەم:

هێزی خۆشەویستییەکەی شاعیر بۆ (هیوا) ئەوەندە زۆرە کەناتوانێ بەئاسانی دەستبەرداری بێت، بۆیە هێشتا لەگەڵ کوڕەدا لەقووڵایی گۆڕدا ماوەتەوەو بەکۆمەڵێ وێنەی دڵگرانو برینداوی دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیداو کوڕەش، لەهەمان کاتدا، لەحاڵەتی گیان لەدەستداندایە:

بابە کلۆڵی، بەڕۆڵە رۆیی
کەدانیشتم کز، وەختی بێ تۆیی
بەیادی دوو گۆم، دوو گۆمی بێ بن
کەهۆگریان بوو ماس رۆحی من

تادەگاتە ئەوەی باوەڕێکی بەهێزتری لادروست دەبێت لەکاتێکدا ژیان (هیوا) دوا ململانێیەتی لەگەڵ مردندا:

بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێ نازێ
بۆ لەژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ

شاعیریش ئەو یەقینەی لادروست دەبێت کەژیان تەنها یەك چرکەی ماوەو ململانێکە

لەبەرژەوەندیی مردنە:

هەی هاوار، هەی داد هیوای شیرینم

گیان ئەدەی، ئەمری، ئیتر ناتبینم

وێنەی چوارەم:

دوای ئەوەی (هیوا) گیان لەدەست دەداتو شاعیریش ئەو باوەڕەی لادروست بوو کە (هیوا) بەشێوەیەکی راستو دروست کۆتایی پێهاتووەو ئیدی شاعیر لەقوولایی گۆڕەوەو بەدیواری گۆڕدا بەرەو زەوی بەرزدەبێتەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەم وێنە لاوەکییانە کە لەشێوەی گفتوگۆی تاکەکەسیدا بەدی دەکرێت:

ئیتر.. ئاخ ئیتر.. ناتبینم هەرگیز

لەخەوا نەبێ، شەو شەوی پایز

جارجار وەك بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو

دێیتو ناشکێنی تاسەو ئارەزوو!

پێش ئەوەی بگاتە سەر زەوی، شاعیر دوودڵە لەڕاستییەکانی ئەم مردنە بۆیە جارێك دەڵێت:

سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە

جارێکی تریش، فرمێسك وەك باران، وەك دواحافیزی، دەڕژێنێتە نێو گۆڕ:

رۆڵە مردنەو فرمێسك بارانە.

وێنەی پێنجەم:

لەم وێنەیەدا، جۆری هەستەکان، ئازارەکان، ئێشەکان لەزیادبووندایە ئەویش بەهۆی باوەڕهێنانی کۆتایی شاعیر بەقەدەری مردنو شاعیریش، لێرەدا هەراسانە، هەڵچووە، بریندارە:

هیوا رۆڵە رۆ کۆرپەم رۆڵە رۆ

ئەو کوڵمە ئاڵە نەرمو نۆڵە رۆ

ئەو قژە زەردە، ئەو چاوانە رۆ

ئەو نەغمەی دایەو بابە جوانە رۆ

ئەم وێنانە تێکڕا ئەوە نیشان دەدەن کەئازارەکان، ئێشەکان.. بێ کۆتاینو خۆشەویستی شاعیریش بۆ (هیوا) هەمیشەو بەردەوامەو فەزای زەمەنی هیچ کاریگەر نابێت بەسەر هەڵچوونە دەروونییەکانی شاعیردا، بۆیە لەدوا دێڕدا دەڵێت:

تا دەممان لەگۆ دەکەوێ وەك تۆ

هیوای دایە رۆ، هیوای بابە رۆ.

وێنەکانی ئەم شیعرە:



- OH! Snatched away in Beautys Bloom

ئەی ئەوەی کە مردن لە ئەو پەڕی جوانی ژیاندا فڕاندتی

**بە پێی سیستەمی ستوونی**

لەم شیعرەشدا، دوو ئاستی سەرەکی بەدی دەکرێت.

یەکەمیان: لای تێکڕای خەڵکی و شاعیر (بەشێوەیەکی سروشتی و یاسایی) بەپێناسەیەکی گشتی بۆ مردن بانگەوازو بۆچوونەکان لەدێڕی:

OH! Snatched away in Beautys Bloom

دەست پێدەکات تاکۆتایی بەبۆچوونەکان و بانگەوازەکان دەهێنن لەدێڕی:

Fond wretchlas if her step disturbed dead

ئەی سۆزی پڕ خەم هەنگاوەکەت مردووەکان هەراسان دەکات

دووەمیان: قوڵی بابەتەکە کە لەسنووری ئاستی یەکەم تێپەڕدەبێت و دەچێتە فەزایەکی گەورەترو خۆی جودا دەکاتەوە لەئاستی یەکەم ئەویش بەهۆی:

away! we Know that tears are vain

That death nor heeds nor hear distress

بەسە ئێمە دەزانین کە فرمێسکەکان بێ سوودن

مردن بایەخ نادات بە خەمەکان بەڵکو گوێشی لێ ناگرێت

کەشاعیر لێرەوە تابڕوات بەهێزتر دەبێت و بەردەوامییەك لەئێشەکاندا بەدی دەکرێت تادەگاتە رادەی دوای کۆتایی کەدەڵێت:

will this unteach us to complain?

- - - - - - - - -     - - - - - - - - - -

Thy looks are wan thine eyes are wet

بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە سکاڵا دەرنەبڕین ؟

لە کاتێکدا دەبینم دیدەکانت زەرد هەڵگەڕاون و چاوەکانت پڕ لە فرمێسکن

**بە پێی سیستمی ئاسۆیی**

شیعرەکە لەپێنج وێنە پێکهاتووە :

وێنەی یەکەم: شاعیر بەپێچەوانەی شیعری (لەسەر مەرگی هیوادا) لەناو قووڵایی گۆڕەوە دەست پێدەکات کەلێرەوە ژیان لەمردن جودا دەبێتەوەو بەشێوەیەکیش وێنەمان بۆ دەگرێت کەشاعیر خۆشەویستەکەی لەوپەڕی تافی جوانی و ژیاندا بووەو قەدەر بەشێوەیەکی کتوپڕ ئەو ژیان و جوانییەی لێ دەسەنێتەوە. لێرەدا شاعیرو تێکڕای خەڵك، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، تووشی جۆرە خورپەییەك دەبن کەپێشتر هەرگیز بیریان لێ نەکردۆتەوە:

OH! Snatched away in Beautys Bloom

وێنەی دووەم: ئەگەرچی شاعیر تووشی خورپە بووە، بەڵام بەهۆی گەورەیی هێزی خۆشەویستی بەسەر مردندا هێشتا باوەڕی مردنی لادروست نەبووە بۆیە دەڵێت:

On thee shall press no ponderous tomb

گۆڕی نالەبار ناتوانێت گوشار بخاتە سەرت

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەشاعیر لەهەوڵی بەرزکردنەوەی خۆشەویستەکەیدایە، بۆ سەر زەوی

لەڕێی باوەڕ نەهێنان بەڕاستییەکانی مردن.

وێنــەی ســێیەم: لــەم وێنەیــەدا، دوای ئــەوەی شــاعیر دەیــەوێت جــوانی خۆشەویســتەکەی بەرزبکاتەوە بۆ سەر زەوی، لەوێدا بەفەنتازیایەکی رەنگاوڕەنگ کۆمەڵێ وێنـەی بچووك بچووکمان بـۆ دەستنیشـان دەکـات کەهـەموویان وێنـەی فـۆرمی خۆشەویسـتەکەی تێدا دەبینـێ وەك ئـەوەی خۆشەویستەکەی فۆرمی ژیانی پێ بەخشرابێت، وەك دەڵێت:

But on thy turf shall roses rear

Their leaves the earliest of the year

And the wild cypress wave in tender gloom

بەڵکو گوڵە پشکتووەکان بەسەر قەبرە سەوزەکەتەوە شەپۆل ئەدەن

گەڵای داری لاولاویش دیسان بە ماتی شەپۆل ئەدەن

تادەگاتە :

Fond wretchlas if her step disturbed dead!

بەمانایەکیتر شاعیر لەکاتێکدا دڵنەوایی خۆشەویستەکەی دەکات کەمردن هێز ناخاتە سەر جوانییەکەی، بەرز دەبێتەوە بۆ سەر زەوی‌و لەوێوە یەکسانییەك دروست دەکات لەنێوان فۆرمی جوانی خۆشەویستەکەی‌و هێزو جوانی سروشت (گوڵ‌و سەوزایی)، بەڵام، هەروەك گۆران دەڵێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ رووناکییە بێ ببزەی ئازیز (١٠)

شاعیر هەست بەتەنگی‌و ناڕەحەتییەك دەکات‌و بۆیە جارێکیتر دێتە خوارەوە بۆ قووڵایی گۆڕ.

وێنەی چوارەم:

لەم وێنەیەدا شاعیر تووشی نائومێدییەکی زۆر قورس دەبێت دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوێت کەوێنەی دووەم‌و سێیەم یارمەتی دەرنین بۆ رەوینەوەی بارە دەروونییەکەی شاعیر، بۆیە لێرەوە شاعیر بەشێوەیەکی ئاشکرا دان بەڕاستی مردنی خۆشەویستەکەی دەهێنێ وەك دەڵێت:

Away! We Know that tears are vain

That death nor heeds nor hears distress.

وێنەی پێنجەم: بۆ جارێکیتر بەپێی دوودڵی شاعیر بۆ راستییەکانی مردن‌و قووڵی هەستی سۆزداری بۆ خۆشەویستەکەی، شاعیر باوەڕی بەو جۆرە مردنە نییەو فۆرمی خۆشەویستییەکی و وێنـەی یادگارییـەکانی بـەدرەوامی یـەك لەنێوانیانـدا دروسـت دەکـات‌و ئێش‌و ئازارەکـانیش هـەر بەردەوام دەمێننەوە:

Will this unteach us to complain

-----        -------        -------

Thy looks are wan thine eyes are wet

وێنەکانی ئەم شیعرە :



٤ ٢

١

**الزهرة السوداء**

***بە پێی سیستمی ستوونیی***

دوو ئاستی سەرەکیی لەم شیعرەدا بەدی دەکرێت:

یەکەمیان: بەسەرەتایەکی گشتی دەستپێدەکات ئەویش باوەڕهێنانە بەقەدەری مردن و مەراسیمی بەخاکسپاردن و بەجێهێشتنی مردوو لەگۆڕدا کەئەم حاڵەتە لای هەمووان یەك وێنە دروست دەکات:

کنزنا الغالي ترکناه هنا

دووەمیان: دوای چەند چرکەو ساتێك شاعیر بەهۆی جۆرو هێزی هەڵچوون و مردنەکەوە بەفەنتازیایەکی شیعری دەگەڕێتەوە باوەشی مردوو :

لحظات ثم اسرعنا اليه

واتە دوای ماوەیەکی یەکجار کەم لەنێوان مەراسیمی بەخاکسپاردن و راستی هەڵچوونەکەی شاعیر، خۆی جودا دەکاتەوە لەحاڵەتە ترادیشنەکەو پێدەنێتە فەزایەکی گەورەترو قورستر، دیارە ئەمەش بەهۆی جۆری پەیوەندی بایۆلۆجی و مرۆڤایەتی شاعیرە لەگەڵ مردووەکەدا کەدایکێتی و لەنامۆییدا مردووە، بۆیە دەبینین لەدوای دێڕی یەکەمەوە هەستی شاعیر هەتا بێت قووڵترو کاریگەرتر دەبێت و فۆرمی ئازارەکان فەزایەکی گەورەتر دەنوێنن کەتێکڕای دواکۆتاییەك نیشان دەدەن:

والتمسناه وراء المنحى

وعلى التل فلم نعثر عليه..

تادەگاتە دوادێڕی شیعرەکە:

وحملناها مع الذكرى وعدنا.

لەم حاڵەتەدا، شاعیر تێکڕا پشتی بەپەیوەندی خودی خۆیی و دایکە مردووەکەی و سروشتەوە بەستووە، بەمانایەکیتر گەڕانەوەی مرۆڤێك بۆ نێو باوەشی سەرچاوەو سروشت بۆ جارێکیترو سروشتیش، لێرەوە رۆڵی دایکایەتی دەبینێ بۆ شاعیر:

وسألنا عنه في الغابة ربوه

فأجابت انها قد نسيته

یان:

وهمسنا بأسمه في سمع سروه

فتناست في الدجى ما سمعته

کەهەریەك لەم "الغابة" و "سروه"یە رۆڵی شاعیریان بینی و بەهەرسێکیان دەگەڕان بەدوای

جوانییەکەی دایکیدا تا لە "الفجر"دا بەشێوەی گوڵێکی ڕەش کە ئاو دەدرا بەفرمێسکی شاعیرو سروشت، دۆزرایەوە:

غير أن الفجر حي في ابتسام

وارانا في مكان كنز زهرة

نبتت سوداء في لون الظلام

وسقاها دمعنا ليناً ونضرة

## بەپێی سیستمی ئاسۆیی

شیعرەکە لەپێنج وێنە پێکهاتووە:

وێنەی یەکەم: شاعیر خۆشەویستەکەی، کەدایکێتی، لەناو قووڵایی گۆڕدا بەجێ دەهێڵێت، واتە وێنەکە لەوێوە دەستپێدەکات:

كنزنا الغالي تركناه هنا

وێنەی دووەم: دوای ئەوەی شاعیر دەترازێت لەجێگەی یەکەم، بەهۆی کاریگەری هێزی خۆشەویستەکەی دەیەوێت، لەڕێگەی دیواری گۆڕەوە، بۆ جارێکیتر بەخێرایی بروسکەو چەند چرکەیەکدا، بگەڕێتەوە نێو باوەشی دایکی، بەڵام وەك دەردەکەوێت گەڕانەوە هەروا کارێکی ئاسان نییەو بەپێی کارێکی یاسایی و سروشتی ناتوانێت کارەکە ئەنجام بدات، بۆیە هەرزوو دەرگای سەرەکی لێ ون دەبێت و دواتر شاعیر وێڵ دەبێت بەدوای خۆشەویستەکەیدا :

لحظات ثم اسرعنا اليه

والتمسناه وراء المنحنى

وعلى التل فلم نعثر عليه

وێنەی سێیەم:

دوای ئەوەی شاعیر دەرگای ڕاستییەکانی لێ ون دەبێت خودی خۆشی هیچی پێ ناکرێ، بۆ جارێکیتر دەگەڕێتەوە سەر زەوی و پەنا بۆ سروشت دەبات بەو پێیەی سروشت پەنایەکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان (١١)، بۆیە هەرزوو شاعیر لەدارستان و دارە سەروە بەرزەکان داوا دەکات کەدەرگا ونبووەکەی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی کات تاریك بوو، لەهەمان کاتدا هێزی فەزای ڕاستییەکانی مردن گەلێك بەهێزتر بوو لەپانتایی بایۆلۆجی ئەم سروشتە.. هێزی دارستان و بەرزی داری سەروو نەیانتوانی داواکەی شاعیر جێبەجێ بکەن و هەریەکەیان بەجۆرێك پۆزشیان بۆ شاعیر هێنایەوە:

وسألنا عنه في الغابة ربوه

فاجابت انها قد نسيته

وهمسنا باسمه في سمع سروه

فتناست في الدجى ما سمعته

وێنەی چوارەم:

شاعیر لەم وێنەیەدا تووشی هەرەسێکی تەواو نەبووەو هێشتا هێزێکی تێدا ماوە،

بۆیه دوای ئەوەی ئامانجەکەی نەپێکا لای دارستانو داری سەروو، دەگەڕێت بەدوای هێزێکی تردا کەبەو کاره هەڵسێت، ئەویش له "الفجر"دا دۆزییەوه، کەهێمای هێزو هێزی رووناکییه، ئەم هێزه توانی دەرگا ونبووەکه بدۆزێتەوه، ئەوەتا دەڵێت:

غير ان الفجر حي في ابتسام

وأرانا في مكان كنز زهرة

لەگەڵ ئەمەشدا، لەکاتی بەرزبوونەوەی بەدیواری گۆڕدا، بۆ جارێکیتر، بۆ سەر زەوی شاعیر دەبینێت دایکه مردووەکەی گۆڕاوه به گوڵێکی رەشو فۆرمو جوانییەکەی جارانی ونکردووه:

نبتت سوداء في لون الظلام

وسقاها دمعنا لينا ونضرة

وێنەی پێنجەم:

وێنەی سەر زەویو مۆسیقایەکی پڕ خەمی شاراوه، کە لەسروەی بەیانەوه دەهات بەگوێی شاعیردا، کارێکی وایکرد کە فۆرمی جوانییە راستەقینەکەو هێزی خۆشەویستەکەی شاعیر ون نەکاتو بەڵکو هێزێکی گەورەی پێ بەخشی تاشاعیر بگاتە ئەو رادەیەی لەیادگارییەکانیدا هەمیشه لەگەڵ دایکیدا بژیو لەیادی نەچێت:

كلما مرت بها ريح الصباح

بعثت في الجو موسيقي خفيه

كمنت فية دموع البشرية

--- --- ---

وحملناها مع الذكرى وعدنا.

وێنەکانی ئەم شیعره :




## ژیان:

بۆ ژیانیش، ئەگەر لای تێکڕای خەڵکی بریتی بێت لەشاییو هەڵپەڕکێو خۆڕازاندنەوه بەجلوبەرگی ئالاو والاو ئارایشت... هتد، کە لەبازنەو فەزایەکی زەمەنی دیاریکراو ئەم کەرەستانه کۆتایی پێدێت، ئەوا لای شاعیرەکان، جوانی ژیان گەلێك لەو فۆرمانەی سەرەوه گەورەترو بەهێزترەو بێ کۆتاییه. ژیان خۆشەویستییه، سروشته، فەلسەفەیه، ئافرەته، ئایینه، هونەره، وەرزەکانه...

مانەوەی ئەم کەرەستانەش بەهۆی زاڵبوونیانە بەسەر توانا و هێزی بایۆلۆجی شاعیرەوە.

بۆ باسکردن لەژیان، وەك نموونە، بەپێی سیستمی ستوونیی و ئاسۆیی دەستنیشانی سێ شیعری جیاوازمان کردووە:

١-ئافرەت و جوانی (گۆران). (١٢)

٢-Love's Philosophy (Shelley). (١٣)

٣-من اغاني الربيع (السياب). (١٤)

ئافرەت و جوانی

## بە پێی سیستمی ستوونیی

لەم شیعرەدا دوو ئاست و بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت.

یەکەمیان: تێڕوانینێکی سروشتی و سادەیی بۆ ئاستی یەکەم کە (سروشتە) کەتێکڕای ئەو وێنانەی شاعیر گرتوونی گشتین و بەهەمان هاوێنەی تێکڕای خەڵکیش دەگیرێت:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە

تادەگاتە:

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن

ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن.

دووەمیان: تێڕوانینێکی قووڵ و فەلسەفییانەی شاعیر کەتەنها لەتوانا و دەستەڵاتی خۆیدایە ئەو جۆرە وێنانە بگرێت کەبەرەو فەزاو جیهانێکی تری قووڵترمان دەبات، واتە لەم حاڵەتەدا شاعیر وێنە سادەو بچووکەکان دەگۆڕێت بەوێنە ناسروشتی و گەورەکان، ئەویش وێنەی ئافرەت و جوانی فۆرمی ناوەوەی ئافرەتە.. بەمانایەکیتر ئەگەر وێنەی سروشت لای تێکڕای خەڵکی لەئاستێکی دیاریکراودا بووەستێت ئەوا وێنەی سروشتی جوانی ئافرەت لای شاعیر وێنەیەکی هەتا هەتایی و بێ کۆتاییەو هیچ فەزایەکی زەمەنی ناتوانێت شکستی پێ بهێنێت تەنانەت گەر پەیوەندی واقعیشی لەگەڵدا نەمێنێت :

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

تادەگاتە:

کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی

تەلیسماوییە وەك هی دڵداری

بەم پێیە شیعرەکە بەسەرەتایەك دەست پێدەکات کەسروشتەو جوانییەکەشی لەڕادەیەکی دیاریکراودا کۆتایی پێدێت، بەڵام بەپێی هێزێکی ناسروشتی بەسەر شاعیرەوە، شاعیر پێ دەنێتە بابەت و بازنەیەکی ترەوە (ئافرەت) کە هەم لەهێزی یەکەم دەترازێت و هەم هێزەکە گەورەترو فراوانترو جوانتر دەکات وەك ئەوەی بابەتی یەکەم مۆتیڤێك بێت بۆ بابەتی دووەم و

هێزەکەش هەر بەگەورەیی دەمێنێتەوە.

## بەپێی سیستمی ئاسۆیی

شیعرەکە بەپێی ئەم سیستمە خۆی لەم وێنەیەدا دەبینێتەوە کە پێچەوانەی وێنەکانی مردنە :




لەم وێنەیەدا، سروشتی ئافرەتو جوانی ئافرەت لەخانەی سێیەمدایە، (کۆتایی) فۆرمی سروشتو جوانی سروشتیش خانەی یەکەمو دووهەمی هەردوو باڵی بەیەکسانی داگیرکردووە، بۆ گەیشتن بەخانەی سێیەم شاعیر پێویستییەکی زۆری بەخانەی یەکەمو دووەمە تابتوانێت لەڕێگەیانەوە بەرزبێتەوە بۆ فەزای سروشتی ئافرەتو جوانی راستییەکانی خۆشەویستیو دڵداری، (١٥) بەمانایەکیتر شاعیر دوای گەڕانێکی بێ وچان بەنێو جیهانی سروشتدا، توانی تەنها دەستنیشانی یەك جوانی بکات ئەویش جوانی ئافرەتو خۆشەویستیو دڵدارییە، وێنەکەی سەرەوە وەك وێنەی باڵندەیەك وایە کەبەهێزی هەردوو باڵە یەکسانەکەیەوە دەتوانێت بەرزبێتەوە بەرەو فەزایەکی بەرزترو فراوانتر، بەشی سروشتی شیعرەکە لە ١٦ شانزە بەیت پێکهاتووە، هەر خانەیەك لەخانەکانی یەكو دوو بەهەردوو باڵەکەوە لە ٤ چوار بەیت پێکهاتووە، خانەی ئافرەتیش بەتاقی تەنها لە ٦ شەش بەیت پێکهاتووە. بەگەیشتن بەخانەی ئافرەت دەبینین شاعیر بۆچوونو بانگەوازەکەی بۆ سروشت دەگۆڕێت:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

بەو پێیەی هێزێکی گەورەترو جوانتری دۆزیوەتەوە کەجوانیو فۆرمەکەی هەمیشەییە لای شاعیرو فەزای زەمەنی هیچ کاریگەر نابێت بەسەر ئەو جۆری خۆشەویستیو دڵدارییەی ئافرەت کەشاعیر مەبەستێتی:

کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەك هی دڵداری!

Love’s philosophy

## بەپێی سیستمی ستوونیی

لەم شیعرەشدا، وەك شیعرەکەی پێشوو، دوو ئاستو بۆچوونی جیاواز بەدی دەکرێت:

یەکەمیان: شاعیر بەشێوەو تێڕوانینێکی سروشتیو واقیعیانە دەڕوانێتە سروشتو وەك کەسێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات:

The fountain mingle with the river
And the rivers with the ocean

کانییەکان بەڕووبار تێکەڵ دەبن
ڕووبارەکانیش بە زەریا
تادەگاتە:

And the moonbeams kiss the sea

تریفەی مانگیش دەریا ماچ دەکات

واتە ئەگەر شیعرەکە لەنێو بازنەی سروشتدا بسووڕێتەوە، ئەوا لەم رادەیەدا کۆتایی بەوێنەکان دێت و بەپێی فەزای زەمەنی وێنەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەڕۆن.

دووەمیان: تێڕوانین و بۆچوونێکی قووڵ ئەویش بەهۆی تێکەڵبوون و پەیوەندی حاڵەتی یەکەم لەگەڵ حاڵەتی دووەمدا کەئافرەت و فۆرمی جوانی ئافرەتە کە لێرەوە شیعرەکە بەرەو فەزاو هێزێکیتر دەڕوات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەشیعرەکە لەبنەڕەتدا بۆ سروشت نەخوڵقاوە. هێزو توانای حاڵەتی دووەمیش قورساییەکیان خستۆتە سەر شاعیر کە بابەتەکە بەنەمریی و لەو هێزدا بمێنێتەوە:

What are all these kissings worth
If thou kiss not me.

بایەخی ئەم هەموو ماچانە چییە
گەر تۆ ماچێکم نەدەیتێ

## بە پێی سیستمی ئاسۆیی

بۆ جارێکیتر ئەم شیعرەش وەك شیعرەکەی پێشوو، خۆی لەم وێنەیەدا دەبینێتەوە:




ئافرەت و جوانی و پیرۆزی ئافرەت لەخانەی سێیەمدایەو خانەی یەکەم و دووەمیش بەهەردوو باڵە یەکسانەکەیەوە سروشت و کەرەستەو فۆرمی سروشتە، لێرەدا شاعیر بەسروشت دەست پێدەکات و گشت هێزو تواناکانی سروشت بەکاردێنێ لەپێناو بەرزبوونەوەو بەدیهێنانی ئەو فەزایەی کە هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە دیارو ئاشکرایە، شاعیر ١٤ چواردە دێڕی بۆ سروشتەکە تەرخانکردووە کەهەر باڵەی ٧ حەوت دێڕیان بەردەکەوێت، ئەم دێڕانە بەکۆمەڵێ وێنەی جوان و قەشەنگی سروشت رازاونەتەوە:

The fountain mingle with the river
And the rivers with ocean
The winds of heaven mix for ever
With a sweet emotion.
---- ---- ----

And the sunlight clasps the earth
And the moon deame kiss the sea

کانییەکان بە ڕووبار تێکەڵ دەبن

ڕووبارەکانیش بە زەریا

بای ئاسمان، هەمیشە، بە خۆشەویستی جوان تێکەڵ دەبێت

تیشکی ڕۆژ بە زەویدا باوەش دەکات

تریفەی مانگیش دەریا ماچ دەکات

ئەم هەموو وێنانە تەنها یەك وێنەیان دروستکرد بۆ شاعیر کەگرنگی و هێزی گەلێك زیاترە لەو چوارده دێڕەی‌تر. واتا دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر بەنێو سروشتدا، کەتێکڕای هێزێکیان لەسەر شاعیر دروستکرد، شاعیر توانی بەرزبێتەوە بەرەو ئەو فەزاو ئامانجە سەرەکییەی کەخۆی هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە مەبەستی بوو کەلای شاعیر مانای درێژەدان و بەردەوامیی خۆشەویستی و دڵداری دەگەیەنێت و فەزای زەمەنیش کاریگەر نابێت بەسەر توانای بایۆلۆجی شاعیرو بابەتە سەرەکییەکەوە.

-من اغاني الربيع:

**بە پێی سیستمی ستوونی**

ئەم شیعرەش، وەك ئەوانی پێشوو، دوو ئاست و بۆچوون لەخۆدەگرێت:

یەکەمیان: مامەڵەیەکی گشتییە بۆ سروشت و کەرەستەکانی سروشت، وێنەکان هەر لەدێڕی:

حلم بافاق السرور

رسمته اجنحة الطيور

تادەگاتە:

الفجر يبن للندى

وكنا جميلاً في الزهور

سەرەتاو کۆتاییەك دروست دەکەن کەتێکڕای وێنەکان لای تێکڕای خەڵکی و تێکڕای شاعیر بەدی دەکرێن.

دووەمیان: تێڕوانینێکی‌تر ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی کە لەشیعرەکەدا ڕوویداوە، لەسروشتەوە بۆ ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەت، گۆڕانکارییەکەش لەدوادێڕی شیعرەکەدا هاتووە لەکاتێکدا شاعیر بەشێوەیەکی کتوپڕ لەحاڵەتی یەکەم (سروشت) دەترازێت و پێدەنێتە حاڵەتێکی تری جیاواز (ئافرەت)، دەشێ بوترێت هێزو توانای دوابەیت، کەحاڵەتی دووەمی دروست کردووە، لەهەموو بەیتەکانی پێشوو زیاترەو بەمەش شاعیر چێژ لەخانەو حاڵەتی دووەم دەبینێ و دەیەوێت بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بمێنێتەوە و مامەڵە بکات.

## بەپێی سیستمی ئاسۆیی

ئەم شیعرەش وەك ئەوانی پێشوو خۆی لەهەمان وێنەدا دەبینێتەوە:




وێنەکانی خانەی یەكو دوو تێکڕا ٦ شەش بەیتیان داگیرکردووە کەهەر باڵێك ٣ سێ بەیتی بەردەکەوێت کەهەموویان بەدەوری سروشتو جوانی بەهاردا دەسووڕێنەوەو هێزو گوشاریان خستۆتە سەر بارە دەروونییەکەی شاعیر:

حلم بآفاق السرور

رسمتة اجنحة الطيور

وبشائر فوق الربى

بين الخمائل في الصدور

ونسائم رقصت على

زهر الجنائن والغدير

وفراشة قد روحت

عن زهرة الحقل النضير

تعلو وتهبط في الرياض

كأنها نغم الحبور

الفجر يبن للندى

وكناً جميلاً في الزهور

ئەم وێنەو هێزانە توانیان هێزە ونبووەکەی شاعیر بدۆزنەوە کەخۆشەویستەکەیەتی کە لەخانەی سێیەمی وێنەکەدا قەتیس مابوو، بەمانایەکیتر السیاب وەك گۆرانو شیلی، بەدوای جوانییەکدا وێڵ بوو ئەگەر سروشت نەبوایە ئەوا هەرگیز پێی نەدەگەیشت، واتە شاعیر لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی نایەوێت لەئاستی حاڵەتو وێنەکانی خانەی یەكو دوودا بمێنێتەوەو کۆتایی بەمەسەلەکە بهێنێ.. بۆیە شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی هێزی سروشتەوە هێزێکی گەورەترو فراوانترو جوانتر، بۆ هەتاهەتایە، بدۆزێتەوە کەئافرەتە:

فلنبن من قبلاتنا

للحب عشاً في الثغور

# ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند ئەنجامێکی سەرەکیمان بەدەست هێناوە:

-بەبێ ئەوەی بچینە نێو فەزا ترادیشنەکەی گێڕانەوە توانیومانە لەڕێگەی هەردوو سیستم (ستوونیی و ئاسۆیی) و کۆمەڵێ وێنەی بینراوو نەبینراو دەستنیشانی کەرەستەکانی ئەم بابەتە بەسیناریۆوە بکەین.

-ئەو شاعیرو نموونانەی کەهەڵمان بژاردوون بۆ لێکۆڵینەوەکەمان خاوەن هێزو توانایەکی لەڕادەبەدەرن لەبەرئەوەی توانیویانە لابدەن لەسنوورو رادە دیاریکراوەکانی بابەتەکان و بەرەو فەزایەکی گەورەترو جوانترو پیرۆزتری بەرن، کەتێکڕای خەڵکی و تەنانەت زۆرینەی شاعیرانیش دەسەڵاتی ئەو توانایەیان نییە.

-لادان لەسنوورەکەی رەنخنەگر گریماس بۆ گێڕانەوەگەری لەکاتێکدا، ناوبراو بۆ دەستنیشانکردنی کەرەستە نەبینراوەکان تەنها پشتی بەسیستمی ستوونی بەستبوو کەئەم سیستمە بەتاقی تەنها ناتوانێت کەسایەتی و هێزو تواناو داهێنانەکانی شاعیر دەستنیشان بکات، بۆیە هەروەك لەلێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەمان پێداوە کەقووڵایی سۆزو پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی تێروتەسەل لەڕێگەی سیستمێکی ترەوە ئەنجام دەدرێت کەسیستمی ئاسۆییەو لەوێشەوە شیعرێکی رەسەن لەدایك دەبێت.

## پەراوێزەکان:

١-J.A.Cuddon: 411

٢-محمد الناصر العجيمي: ٣٥

٣-هەمان سەرچاوە: ٣٥

٤-تودروف: ٦٩

٥-Jahn E.Betts: 58

٦-هەمان سەرچاوە: 58-59

٧-دیوانی گۆران: ٩٣-٩٤

٨-W.Peacock: 230

٩-ديوانی نازك الملائكة: المجلد الثانی: ٣٢٠-٣٢٢

١٠-دیوانی گۆران: ٩-١٠

١١-محمد غنيمی هلال (الطبعة السادسة): ١٦٩

١٢-دیوانی گۆران: ٩-١٠

١٣-F.T Palgrave: 185

١٤-ديوان بدر شاكر سياب (المجلد الثانی): ١٩٧

١٥-ظاهر لطيف كريم: ٤٣-٥٢


## سەرچاوەكان:

-تودروف، الشعرية، ترجمة شكري المنحوت رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، ١٩٩٠.

-ديوان بدر شاكر سياب (المجلد الثاني)، دار العودة-بيروت، ١٩٧٤.

-ديوانی گۆران: بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق/بەغداد، ١٩٨٠.

-ديوان نازك الملائكة، (المجلد الثانی) الطبعة الاولى، دار العودة-بيروت، ١٩٧١.

-ظاهر لطيف كريم، رومانسیەتی سۆفیانە لەشیعری (ئافرەتو جوانیو ڕەوتێکی جوان)ی گۆراندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (٢)ی ساڵی، ١٩٩٩.

-محمد غنيمي هلال، الرومانتيكية، (الطبعة السادسة) دار العودة، بيروت، ١٩٨١.

-محمد الناصر العجيمي، في الخطاب السردي: نظرية قريماس، الدار االعربية لكتاب، ١٩٩٣.

-F.T Palagave The Golden Treasuey Oxford University Press, 1944.

-J.A Cuddon A Dictionain Literary Terrms. Great Britain By Hazll Wetson & Viney Limited, 1984.

-John E .Betts, Physics For Technology: (Second Edition) Peston Publishing Company Aprentice-Hall Commpany Reston. Virginia, 1981.

-W. Peacock, English Verse, Oxford University Press, 1966.



## كورتەی باسەكە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە:

-قووڵایی سۆزو پەیوەندییو فیکرو داهێنان.

-کۆمەڵێ وێنەو هێزو تواناو بازنە کەشاعیر ڕۆڵێکی گەورەو سەرەکی دەبینێ بۆ پتەوکردنی ئەو وێنەو هێزو توانایانە، ئەمیش لەڕێگەی هاوسەنگێتی حاڵەتە سایکۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو فیکرییەکانییەوە لەگەڵ بابەتەکەدا کە هەردووکیان هێزو توانایەکی بێ کۆتایی دروست دەکەن.

-پەیوەندی ناڕاستەوخۆو شاراوە لەنێوان بۆچوونو هەڵچوونە سایکۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو فیکرییەکانی شاعیرەوە لەو سێ شێوە جیاوازەدا.

## خلاصة البحث

ان هذة الدراسة عبارة عن:

-عمق العاطفة والعلاقة والفكر والابداع.

-مجموعة الصور والقوى والقدرات والكلمات وان الشاعر نفسه له دور فعال وكبير لتقوية هذه

الامور وهذا بفعل توازن الحالات النفسية والاجتماعية والفكرية للشاعر مع الموضوعات. وان هاتين الحلقتين (الشاعر والموضوع) تنشاءان قوة وقدرة غير منتهية ابداً.

-علاقة غير مباشرة وخفية في الرؤية والانفعالات النفسية والاجتماعية والفكرية للشاعر في هذه الاداب الثلاثة المختلفة.


## Summary

*This Study Comprises:*

*-The depth of the emotion, relation, thoughts and creation.*

*-The series images, strengths, abilities and circles, which the poet himself has a great and efficient rule for the fortification of such aspects. This is because of the psychological, sociological and thoughts conditions paralle. These two circles (The poet & subject) creat unended strenghts and abilities.*

*-indirect and secret connections in the poet's vision and his psycological, sociological and thoughts emetions in thses three different literatures.*